# ئاسایی بوونەوەی مەرگ و
# ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکەی بەغدا

**تایەر حاجی حەسەن**
Hanskk_01@hotmail.com

لە ولاتە ئیستبدادییەکاندا خەڵک بەرادەیەک چارەڕەش و بەدبەختن کە بێزاری لەژیان زیاترە نەک ترس لە مەرگ. بەدبەختیەکان بەجۆریک فشار دێنن کە خەڵک باکی لە مردن نامێنێ و هەربۆیە ژیان لەمردن زیاتر جێگەی ترس و وەحشتە. کەواتە ئەوسزایانەی مەرگ بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێ، بەسە و هیچ پێویست بەتوندتیژی و ئەشکەنجە ناکات.(مۆنتسکیۆ) لە کتێبی ڕۆحی یاساکاندا

ئەم وتەیەی نووسەری فەرەنسی نیوەی سەدەی هەژدەیەم، هێند واقعیانە گوزارشتی کردوە بۆ شێوازی دەسەڵاتی حکومەتە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان و دەسەڵاتە چەوسێنەرەکان، دەتوانین ئەم ئاماژەیە بسەپێنین بەسەر زۆربەی وڵاتانێکدا کە چەوساندنەوە و جیهانبینی بێکارکردن و نە بوونی هیچ جۆرە ئازادیەک بۆ ژیانی کۆمەڵگە، تێیدا بەرچاوترین گوزارشتەکانی ژیانە. بێزاری کۆمەڵگە لەو جۆرە دەسەڵاتانە بە ئەندازەیەک زۆرە دەربازبوون تێیدا تەنانەت بە نرخی مەرگیش بێت ئاسای دێتەوە. باتاییەتی هەلومەرج و بارودۆخێک کە ئەمڕۆ بە عێراقدا تێپەڕ دەبێت. ئەمڕۆ مەرگی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی عێراقی بە جۆریک ئاسایی کراوەتەوە لە نێو دید و هزری ئینسانە سادەکانی دوور لە دەسەڵات، ناچارانە ملی ڕیگایەکیان گرتووە، هەروەک چۆن قەساب ڕانە مەڕ بەرەو قەسابخانە بەرێدەکات. ئاواش خەڵکی سیڤیلی عێراق توشکراون بە ئەجیندا کاولکار و بەرژەوەند خوازەکانی زلهێزانی جیهان و ناوچەکە بەگشتی، بێمانای ژیان زۆر زیاترە لە مانای بوونەکەی.

خەڵکی ناچارن ڕۆژانە بچنە دەرەوەی ماڵەکانیانەوە و پێداویستیە کاتیەکانی ژیانیان دابین بکەن، بچنە جێگای کریان و درێژە بەژیانیان بدەن، چونە دەرەوەیەک کە هیچ کەسێک نازانێت بەزیندووی دەگەڕێتەوە نێو ماڵەکەی یان تەرمەکەی دێتەوە؟ ئەمە نیشانەی تەواوی ئەو پرۆژە نائینسانیەی زلهێزی ئەمریکای میلتاریست و گەورە تیرۆریستانی ناوچەکەیە. خۆ دەکرێت بڵێین ئەگەر حکومەتی عێراقی خاوەن دەسەڵاتێکی عێراقیانە و بەقازانجی خەڵک بوایە، بۆچی دەرگاکانی ئاوا کراوە دەبوو لەبەردەم هەرچ هێزودەسەڵاتێکدا کە ژیانی خەڵکەکەی ئاوا بەرەومەرگ ببات؟ ئەگەر قەرار بوایە ئەودەسەڵاتە بەناو عێراقیە، ژیانێکی بە دوور لە کەلتوری شەرەنگێزانەی بەعسیزمی دیکتاتۆری بنیات بنایە، دەکرا چاوەڕوانی ڕۆژگارێکی ئاوا ترسناک نەبوینایە! ئەمڕۆ بۆ خەڵکی عێراقی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە یەکێکە لەهەرە سەردەم و کاتە خوێناویەکانی کە بێئەمنیەتی ژیان بە ئەندازەیەک ڕوو لە زیاد بوونە، نەکۆبوونەوەی سەرانی (هۆکاری ئەم بارەی ئێستای عێراق) دەتوانن چارەسەری بکەن، نە ئەوانەشی خۆیان بە لێپرسراوی ژیانی خەڵک دەزانن و ئێستا لە دەسەڵاتدان.

کۆبوونەوەی بەغداد هێندەی بۆتوانەوەی سەهۆڵبەندی نێوان ئەمریکا و ئێران بوو، بە وتەی (هوشیار زێباری) وەزیری دەرەوەی عێراق. بەڵام لە ڕاستیدا نیو هێندەش بۆ چارەسەری ژیان و گوزەرانی خەڵکی سڤیل نەبووە. ئەم دەسەڵاتە دڕندەو بە هیچ تێر نەبوانەی سەردەمی جیهانگیری عەولەمە، بۆ پێناسەکردنەوەی بەرژەوەندیەکانیان و گەشتنیان بە خواستە چینایەتیە قازانج پەرستانەیەکانیان، هیچ سڵ کردنەوەیەکیان نەماوە بۆ مانای حورمەتی ئینسان و بەها گرنگەکەی. ئاخۆ هەر ئەم سەرداره بەڕێزانە نین دەیان گروپی مافیایی و ئینسان کوژیان دروست کردوە؟ چۆن دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی ئەمڕۆی عێراق، هی خەڵکی عێراقە، لە کاتێکدا تەواوی دەسەڵاتدارانی زلهێز و دەسەڵات دارانی لە خۆترساویش خەریکی ناجێگیری بارودۆخی ژیانی عێراقیەکانن، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو جەنگە نەچێتە دەرەوەی سنورەکانەوە و وڵاتانی دیکە نەکەونە نێو جەنگێکی نادیارەوە. ئایا مانەوەی بارودۆخی ئێستای عێراق بەم شێوازە نا جێگیرەی ئێستای دەتوانێت چ وەڵامێک بە سیاسەتی زلهێزی جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمریکا، بداتەوە. ئایا بۆ زیاتر بردنی ژێرخانێکی ئابوری لە نەوت، دەبێت بۆ ئەم دەسەڵاتە دڕندەیە هێندە بەهای ئینسانەکان بەم شێوەیە بێئعتبار بکرێت؟ کێ دەتوانێت بڵێت عێراق تەنانەت خاوەن دەسەڵاتێکی ناسیۆنالیستانەشە؟ ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی ئەمڕۆ خۆی دەنوێنیت، لەهەموو ڕووەکانەوە و بەپێی هەموو پرەنسیپەکان دەسەڵاتێکی تائیفیانەیە و، دەسەڵاتە دەرەکیەکانی ناوچەکە و جیهان هەڵی دەسورێنن. ئەو سیاسەتە مەدارو خاوەن ئەحزابانەی ئێستا هەن لە دەسەڵاتدا و ئەوانەشی بە ناوی بەرگری کردن لە نیشتمان و نەتەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتدان، تەنها کاراکتەرێکی نێو شانۆییەکی گاڵتەجارپین، کە دەورێکیان پێ دراوە. بەدەر لەمە هیچ

ئەهمیەتێکیان نیە بۆ چارەسەر کردنی ژیان و بارودۆخی خەڵکی ئاسایی عێراق. ئاخۆ ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان دەتەقێننەوە و دەیان و سەدان کەس دەکەن بە قوربانی دەتوانرێت چ ناوێکیان لێبنرێت. ئایا ئەو دەستەو تاقمانە هەموویان دەبەشکراوێکی نێو ڕکابەرایەتی و دژایەتیە تائیفیەکانی نێو ئەحزابەکان نین؟ ئەمانە ئیلهام و توانابیە مەعنەویەکانیان لە وڵاتانی دراوسێ و تۆڕی ئەلقاعیدەوە وەرناگرن؟

زەمەنی بەعەولەمە کردنی جیهانیش، بەشێکی ڕاستەوخۆی نێو زیاد بوونی توندوو تیژیەکانە و باڵە کۆنەپەرست و مەزهەبیە توند ڕەوەکان، توانابیەکانی خۆیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم بە جیهانگیری کردنە لە نێو خەڵکانێکدا کە توانای تێفکرینیان نەماوە بۆ ئەلتەرناتیفێکی ئینسانیانەتر، هێزکۆدەکەنەوە و ئایدۆلۆژیای بە تەکفیر کردن و پیس بوونی وڵات بە هێزی بیگانە، توێژێک لە توندڕەوان و کۆمەڵگە دەخەنە ژێر ئەو مەیلەیانەوە. ئیتر جوامێریەک و تەنانەت نەخشاندنی مانەوەی مێژوویەکیش جێگای ڕێز بێت بۆ سەرکردەیەک و سەرۆکێکیش، وەک سەردەمی کەسایەتیە ڕابەرەکانی کاتی ڕزگارکردنی وڵاتان لە ژێر دەستی ئیستیعماردا، جێگای ئەو بوونەش نابێتەوە، چونکە ئەم سەردەمە بەهەموو جیاوازیە ڕیشەیەکانیەوە، سەردەمێکە ڕاکردن بەشوێن بوون بە سیاسەتمەدار و بازرگانیش لەیەک کاتدا، سیفەتێکی سەرەکی ئەم سەردەمەی دەسەڵاتدارانە. ئەوە هەرئەوانن، ئەمڕۆ ساحێب بڕیاری سیاسین و لە هەمانکاتیشدا خاوەن دەیان ملیاردی شەخسی خۆیانن؟

ئالێرەدایە بەهاو نرخێک، کاتێک ئەم دەسەڵاتدارانەی سەردەمی دیموکراتیزەکردن و پەخشکردنەوەی ئازادی بۆ سەرجەم کۆمەلگا هاواری بۆ دەکەن، نرخەکەی بە کوشتن و ڕق و ئاوارە بوونی ملێۆنی خەلک کۆتایی پێدێت. ئەمە بۆ؟ تەنها لەبەر ئەوەی بەڕێزی سەرۆک و خاوەن مەرجەعەکان لە بەهاکانیان نەیەتە خوارەوە. ئایا دەکرێت بڵێین ئەگەر ئەم جەنگە ملهورانەیە تەنها بۆ پارێزگاری کردنە لە مانەوەی ئینسان، موحتاج بەم هەموو کوشتارە دەکات؟ لە کاتێکدا تەواوی دەسەڵات دارانی ئەمڕۆی دژ بەیەک کۆبوونەوەی سەر یەک مێزی ڕێک دەخەن و گفتوگۆ شاراوەکانیشیان لە پشت پەردەوە، مەگەر تەنها خۆیان بزانن لە سەر چ پلان و ڕێک کەوتنێک ڕێک کەوتوون! ڕێک کەوتنێک نەک بەقازانجی کۆمەلگا، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، بە دژی خواستەکانی کۆمەڵگاو دابەش کردنی سەروەت و سامانیش بە پێی دابەشکردنی شەریکاتە بە هێز و زلهێزەکان.

کۆبوونەوەی بەغداد، نەیتوانی هیچ دیاریەکی دڵخۆش هێنەر بە گوێی کۆمەڵگادا بدات، چونکە لە ئەرزی واقعدا، کوشتار و سەربڕینی شەوانە و تەسفیەکردنەکان هەروەک خۆی بەردەوامە. ئەگەر چی بڵێین ڕاستە ئەمە کارێکی شەوڕۆژی نیە بۆ گێڕانەوەی باری سەقامگیری و ئاسایش کردنی ژیان، بەڵام دەشبێت بۆ ماوەی دووریش ئەم جێگیر کردن و ئاسایشەش نەبینین. تەنها هۆکاریش ئەوەیە خودی ئەم دەسەڵات و تێگەیشتنانە دوورن لە دابین کردنی ژیانێکی شایستە بۆ کۆمەڵگە و خۆیان بەرهەم هێنەری ئەم بارودۆخەن.

لە گەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئیستنتاجێکی دروست بکەین بۆ ناچاریەتی کردنی ئەو کۆبوونەوەیە، ئەویش خستنە ژێر فشاری زۆری دەسەڵاتداریەتی سیاسەتی میلیتاریانەی ئەمریکا و ئەو پرۆژە ڕۆژهەڵاتیەی کە بە شوێنیەوەیەتی. تا ئێستا فەشەلەکان زۆر زیاترن لە سەرکەوتنەکان، بە دیوێکی کەدا ناوچەکە بە جۆرێک ئاڵۆز کراوە، بوونی هەرچ ڕوبەڕوو بوونەوەیەکی تر لە ناوچەکەدا، دەتوانێت ببێت بە شکستی گەورەی تەواوی سیاسەتەکانی نیزامی سەرمایەداری ئەم سەردەمە. جێگری سەرۆکی ئەمریکا (دیک چینی) دەڵێت ئەگەر ئەمریکا فەشەلی هێنا لە عێراقدا، ئەوە ئەمریکا نیە باجەکەی دەدات، بەڵکو ناوچەکە و جیهانە! شیکردنەوەی ئەم دەربڕینە وەک ڕۆژی ڕوون دیارە، کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت ئەمریکا و سیاسەتەکەی بە فەشەلکراوی ببینرێت، چونکە باجێک و پرۆژەیەک کە بەشوێنیەوەتی دەبێت بەسەرکەوتنی بگەیەنێت. بەڵام کێن ئەوانەی ئەمڕۆ ڕوبەڕووی دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا وەستاونەتەوە، ئایا تەنها ئێران و سوریا و باڵی ئیسلامی سیاسی نین؟ ئەی ئەم دەسەڵاتانە کێ تادوێنی لە پشتیانەوە بووە تا بە کورسی دەسەڵات بگەن؟ باشە ئەگەر پرۆژەکەی ئەمریکا بۆ جێخستنی دنیایەکی دوور لە چەوساندنەوە و سەرکووت کردن، نیە. هۆکارەکەی چیە کە زۆرترین ناڕەزایەتی بە شوێن خۆیدا هێناوە لە تەواوی جیهاندا؟

تیرۆریزمێکی نێودەوڵەتی وەک تورکیا و ئێرانی ئیسلامی ئاخوندەکان و دەسەڵاتی سیاسی سوریا و چەندان وڵاتی دیکە، کە بە جۆرێک دیکتاتۆر و ئینسان کوژن، وێنەیان هەر لەسەردەمە بەربەریەکاندا دەبینرێت. خۆ ئەم دەسەڵاتانەش هەرهەموویان، هێز و قودرەتە داپلۆسێنەرەکانیان بە دژی خەڵکی چەوساوە، تەنها لەو دەسەڵاتە نێو نەتەوەیەی سەرمایەداری ئەمڕۆوە وەردەگرن. کێشەی فەلەستین ⁄ئیسرائیل و کێشەی لوبنان و حیزبوڵڵاو ئەفغانستان و دەیان جێگەی ستراتیژی دیکە، هەرهەموی بە شێوازی

جۆراوجۆر و ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆوە دەستی ئەمریکا و زلهێزانی دیکەی جیهانی پێوە دیارە. کوا ئەم دەسەڵاتانە دەخوازن ژیانێکی ئاسودە و دوور لە چەوساندنەوە هە بێت بۆ خەڵکی؟ ئەگەر وابوایە دەبوا دەستهەڵگرن لەو سودوو قازانجە خەیاڵیانەی کە بە دەستی دێنن و بەری ڕەنجی بێژیان کردنی کۆمەڵگەکانە لە ئەسڵدا.

پلانە ژەهراویەکانی ئەم دەسەڵاتانە هێند نائینسانیانەیە، تەنها ئەوە ماوەتەوە زۆربەی کۆمەڵگاکان لە نێو بەرن هەر بۆ ئەوەی قازانجێکی زیاتریان بە چنگ بکەوێت؟ ئامارە سەرسوڕهێنەرەکانی قەرزاربارکردنی زۆربەی وڵاتان لە لایەن بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نیودەوڵەتی کە زلهێزانی بازرگانانی سەرمایەدار سەرپەرشتی دەکەن، هێند قەرزەکانیان زۆرن، کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگا دەبێت داببڕدرێت لە هەموو مافێکی خۆی تەنها بەخاتریی دانەوەی ئەو قەرزانە. وڵاتێکی وەک عێراق کە خاوەن زۆرترین داهاتای نەوتییە باڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ خەڵکی کرێکار و هەژار بووە بە گۆڕستانێک تەنها بۆنی مردووی لێدێت؟ دەرچوون لەم بارو دۆخە ترسناکە کە نازانرێت تا کەی درێژەی دەبێت، و هەموو هۆکارەکەی ئەم دەسەڵاتە فرە ڕەنگیەی نیزامی سیاسی سەرمایەداریە، تەنها بە هاتنە مەیدانێک و ئایدیایەکی ئینسانیانەو سۆشیالیزمانەوە دەتوانرێت ژیان بگەڕێندرێتەوە بۆ کۆمەڵگەو، لە جێگای ئاسایی بوونەوەی مەرگ بۆ کۆمەڵگە، ژیان کردن بەمانا دروستەکەی خۆی، بببێت بە عیشق و خۆشەویستی. لە جێی ئەوەی هێند بۆ مەرگ ژیان برەو پێبدرێت با ژیان بۆ ژیان و بۆ هەموان ببێت بە دروشمی پرشنگداری مرۆڤایەتی!

2007/03/13

هۆڵاندا